# شاشەیەک بۆ ئامێری یارییەکان

لـە ماڵـەوە تەلەڤزیۆنێکتـان هەیە، ئەویش ناتوانی سـوودی لێوەربگری، چونکـە منداڵەکەت ئامێری یاریـی خسـتۆتە سـەر و بـەردەوام یاریـی پێـدەکا. لەکاتێکـی وادا رێـگا چارە چییە؟ رەنگە باشـترین رێگاچارە هەر ئەوەبێ کە سکرینی جۆری GAEMS Sentinel بەکار بێنێت.

ئەمـە شاشـەیەکی سـەرنجڕاکێش کـە لـە بۆکسـێك دا دانـراوە و هەم شـوێنی خـۆی دەبێت و هەم شـوێنی ئامێری یاریکردنەکە. منداڵ یا ئەو کەسـەی یاری دەکات پێویسـت ناکات تەلەڤزیۆن بەکار بێنـی و هەروەهـا دەتوانـی بە ویسـتی خۆی بـۆ هەر ژوورێ بیبەوێ بیبات. شاشـەکە ١٧ ئینجە. کوالیتی نیشاندانی فول ئیچ دییە. گۆشەی ١٧٠یە. زۆر خێرایە. خۆی سێ بڵندگۆی هەیە کە دەنگێکی ستریۆیی بڵاودەکەنەوە. بۆ گشت ئامێرەکانی یاری کردن وەك PS4 Pro ، Xbox One S و Xbox One X دەگونجێت. دەکرێت لاپتۆپ و هەروەها مۆبایلیش پێوە پەیوەند بکرێت.



# تەبلێتێک بۆ کتێب خوێندنەوە

بە داهێنانی تەکنۆلۆژیایەکی نوێ بەناوی E-Ink پیشەسازیی کاغەز رەنگە بەرەو کزی بڕوا و داربڕین بەمەبەستی وەدەستهێنانی کاغەز کەم بێتەوە و ژینگەش هەندێك پاکتر بێت.

داهێنانی کاغەزی ئەلکترۆنی ئەگەرچی بەتەواوی شوێنی کاغەزی ئاسایی نەگرتۆتەوە، بەڵام هەنگاوێکی باشی هەڵگرتووە.

سیستەمی E-Ink کە لە کتێبخوێنە ئەلکترۆنییەکاندا بەکار دێ، رەنگی نییە و ناکرێت بەهۆیەوە بتوانی سەیری فیلمێك بکەی، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەتوانی بەباشی کتێبی ئەلکترۆنی پێ بخوێندرێتەوە.

کتێبخوێنی ئەلکترۆنی بۆ نموونە کیندڵ ئامازۆن و زۆری نموونەی دیکەش لەبەردەستدان کە تەنیا بۆ کتێب خوێندنەوە دەبن، بەڵام تەبلێتی جۆری Eewrite E-Pad هەم تەبلێتە و هەم بۆ کتێب خوێندنەوە و دەبێت و شاشەکەشی حیبری ئەلکترۆنی واتە E-Inkە.

تەبلێتەکە هەروەك تەبلێتێکی ئاسایی وایە، سیستەمەکەی ئەندرۆیدە. هیچ شتێك بە رەنگاورەنگی نابیندرێ، هەمووی رەش و سپییە. دەکرێت ئەو کتێبەی مەبەستە لە ئینتەرنێت دابەزێنی. شاشەکەی ١٠/٣ ئینجە. خوێندنەوەی کتێب لە تەبلێتی ناوبراودا وەك کتێب خوێندنەوەی ئاسایی دەچێت. کاتێکیش لەسەر تەبلێتەکە دەنووسی وەك ئەوە وایە لەسەر دەفتەرێکی ئاسایی بنووسی. جگە لە خوێندنەوە دەکرێ پێی سەیری فیلمیش بکەی، گوێ لە مۆسیقا بگری. رامەکەی دوو گیگابایە و میمۆرییەکەی ٣٢ گیگابایتە. هەتا یەك هەفتە سوود وەرگرتن لە تەبلێتەکە شەحنەکەی دانابەزێت.



# کامێرا کلاسیکیەکان بە بەرگێکی نوێوە




ئەگەر بۆ چەند دەیە لەمەوبەر بگەڕێینەوە، کامێرای خێرای پلۆرایدمان دێتەوە بیر.. کامێرایەك کە هەر دوای چرکاندن، وێنەکەی لەسەر کاغەزێکی تایبەتی دەردەخست.

لە سەردەمی دیجیتاڵدا جارێکی دیکە ئەم جۆرە کامێرایانە بوونەتەوە باو. چەندین کۆمپانیای بەرهەمهێنی تەکنەلۆژیای نوێ، کامێرای لەم جۆرەیان بەرهەم هێناوە. کامێرای Lomo یەکێکە لەو کامێرایانە.

کامێرای ناوبراو نە تەنیا هەر وێنەکە چاپ دەکات، بەڵکو بەر لە چاپکردنی دەکرێت هەر لەسەر خودی کامێراکە جوانکاری تێدا بکرێت، فیلتەری تایبەتی بۆ دابندرێ، و رووناکی کەم و زیاد بکرێ.

هاوێنەی کامێرای لۆمۆ گۆشەی پانە واتە ٢٧ ملمە. ئەو وێنانەی لە کامێراکە دەردەچن سایزەکەیان بەقەد کارتێکی ریکلام دەبێت. کامێراکە چوار رەنگی هەیە.



# رێوییە رۆبۆتە کۆمیدییەکە

جیهانی رۆبۆت هەرچەندە ئێستا سەرەتاکەیەتی، بەڵام لەداهاتوودا رۆبۆت هەروەك مۆبایل هەموو ژیانی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە و زۆربەی ئەو ئەرك و کارانەی مرۆڤ ئەنجامی دەدات، رۆبۆتەکان ئەنجامی دەدەن.

بەرهەمهێنەرانی تەکنەلۆژیای نوێ هەندێك لە رۆبۆتەکان لەسەر بیچم و شێوەی گیاندارەکان بەرهەم دێنن، وەك ئەم رۆبۆتەی کە لێرەدا دەبینن.

رۆبۆتی kiti وەك رێوییەکی خڕین وایە. جووڵەکانی زۆر کۆمیدین و دەتخەنە پێکەنین. رۆبۆتەکە لە شوێنی خۆی ناجۆڵێ و لەسەر مێز دادەنرێ، بەڵام ئەوەی دەجولێت سەریەتی، کە بە هەموولایەکدا دەسورێ. رۆبۆتەکە گوێت لێدەگرێ، وەڵامت دەداتەوە. گۆرانیی بۆ بڵێی بەسەر سەما دەکا. کە پێبکەنی لەگەڵت پێدەکەنێ و جوولەی چاوەکانی زۆر سەرنج راکێشن و کە دەستت بەسەرداهێنا و لاواندنەوە بە جوڵەی چاوەکانی دەزانی کە چ هەستێکی هەیە. کە لێشی توڕەبی، بە جوانی هەستی پێدەکرێ. بەرێوەبەری بەرهەمهێنی رێویەکە دەڵێت: کیتی وەك منداڵێك وایە، رۆژ لەگەڵ رۆژ شتی نوێ فێر دەبێ، چۆنت بوێ وای رادەهێنی.






# کاتژمێرێکی تایمێکس و تایبەتمەندییەکانی

تایمێکس (timex) یەکێکە لە کۆمپانیا دێرینەکانی بەرهەمهێنانی کاتژمێری دەست، لەم دواییەدا نوێترین کاتژمێری زیرەکی خۆی بەناوی Ironman R300 خستەڕوو.

ئەم کاتژمێرە زیرەکە هەروەك کاتژمێرە زیرەکەکانی دیکە تایبەتمەندییەکانی لە ڕاهێنانی جەستە و وەرزشدا چڕ کردۆتەوە. شاشەکەی لەمسە و GPSی هەیە. بۆ کارکردن پێویستی بە مۆبایل نییە بەڵکو خۆی سیمکارتی تێدەخرێ. کاتژمێرەکە بۆ وەرزشوان و ڕاهێنەران دروستکراوە. شوێنی ڕاکردن و بە پێی ڕۆیشتنەکە بە وردی لەسەر نەخشەکە نیشان دەدا. چاودێریی نووستنی بەکارهێنەر دەکا و هەروەها لێدانی دڵ دەپێوێ. بەڵام گرنگترین تایبەتمەندیی کاتژمێرەکە باترییەکەیەتی کە تا ٢٥ ڕۆژ شەحنی دانابەزێت. بە تەڕبوون و خستنە ناو ئاو تێکناچێت بۆیە بۆ مەلەکردن دەگونجێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت دەکرێ ڕێنوێنیم بکەی چۆن بتوانم ئەکاونتی فەیسبووکەکەم بۆ یەکجاری بسڕمەوە؟

خوێنەری بەڕێز بۆ سڕینەوەی یەکجاری ئەکاونتی فەیسبوك دەبێ سەرەتا دوای کردنەوەی ئەکاونتەکەت بەشی Settings بکەوە، دواتر لە بەشی Your Facebook Information فەرمانی Deactivation and Deletion هەڵبژێرە. دوای ئەوە بۆکسێك دەکرێتەوە و لەو بەشەشدا Permanently Delete Account هەڵبژێرە. دوای ئەوە Continue to Account Deletion هەڵبژێرە و بۆکسێك دەکرێتەوە و لەوێشدا فەرمانی Delete هەڵبژێرە.. ئیدی لەمەولا ئەگەر هەتا مانگێك ئەو ئەکاونتەت نەکردەوە، بۆ هەمیشە دەسڕێتەوە، بەڵام هەرکاتێك لە ماوەی مانگێکدا بیکەیەوە دیسان دەگەڕێتەوە...



## هەموو لاپتۆپێک دەبێتە سێ شاشە

بۆ ئەو کەسانەی کە کاروباری گرافیك و فیلم ئەنجام دەدەن، شاشەیەك لە لاپتۆپدا وەڵامدەرەوەی ئەرکەکان نییە. چونکە ناکرێت لەیەك کاتدا لەسەر دوو پرۆگرام یا سێ پرۆگرام کار بکەی. ئامێری Trio هەر ڕاست بۆ ئەم مەبەستە بەرهەم هاتووە. بە هۆی ئەو ئامێرەوە دەتوانرێ سێ شاشەی دیکەش لە لاپتۆپ پەیوەند بدرێن. هەرچەندە بەر لەو ئامێرەش لاپتۆپێکی تایبەت کە سێ شاشەی هەبوو لەلایەن کۆمپانیای ڕێزێرەوە بەرهەم هاتبوو. بەڵام Trio Mobile Pixels هەموو لاپتۆپێك دەکات بە سێ شاشە.

دەکرێ لەسەر شاشەیەکیان لاپەڕەیەکی وۆرد بکەیەو دەق بنووسی، لە شاشەکەی دیکەیان کتێبێك بکەیەوە بۆ خوێندن و لەوەی دیکەشیان فەیسبوك بکەیەوە.

دەتوانی شاشەکان بۆ لای چەپ و ڕاست بسوڕێنی و هەروەها دەکرێت بەشێوەی ئاسۆیش بیگۆڕی. هەروەها دەتوانرێ کارێك بکەی هەر سێ شاشەکەش وەك یەك شاشەی گەورە لێبکەی و پرۆگرامێك لەهەر سێ شاشەکەدا بکرێتەوە. هەردوو شاشەکە ١٤ ئینجن و بە کوالیتی فول ئیچ دی نیشان دەدەن. شاشەکە لەگەڵ هەموو سیستەمان دەگونجێت.

# سینەمای گەڕۆک بۆ هەموو شوێنێ




سەیرکردنی فیلم لە سینەما و لە چوارچێوەیەکی گەورەتردا چێژێکی زۆرتری هەیە لە سەیرکردنی فیلم لە تیڤیدا. هەر ئەو جەو و کەشو هەوایەی لە سەیرکردنی فیلمی لە سینەمادا هەیە لە فیلمی تیڤیدا نییە.

ئەگەر لەگەڵ هاوڕێیانت لە گەشت و گەڕان دای و شەوانە لە شوێنێکی دەرەوەی شار دەمێننەوە، چەندە چێژی هەیە فیلمەکانی سەر مۆبایلەکانتان لە قەوارەکەی گەورەتردا ببینن. سینەمای گەڕۆکی QFX PBX ئەو ئامێرەیە کە هەم قەوارەکەی گەورە نییە و هەم کاراییی زۆرە.

ئامێری ناوبراو پرۆژکتۆرێکی جۆری LEDی ١٢ ئینجییە. توانای هەیە دیمەنەکان لە قەوارەیەکی ٧٠ ئینجیدا نیشان بدا. شوێنی دانانی کێبڵی HMDI و هەروەها USB هەیە. بەهۆی بلوتوسەوە بە ئامێرەکانەوە پەیوەند دەدرێ. رادیۆی خۆی هەیە. لە دوورەوە بە مۆبایل کۆنترۆڵ دەکرێ.



## ماڵپەڕێک بۆ دۆزینەوەی وتار و توێژینەوە

بۆ دۆزینەوەی هەر بابەتێک لە ئینتەرنێتدا پەنا بۆ دۆزەرەوەی گوگل دەبەی، بەڵام ئەگەر بتەوێ وتار و بابەتی گرنگ بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە بدۆزیەوە چ دەکەی؟ بۆ ئەویش هەر پەنا بۆ گوگل دەبەی، بەڵام نەک گوگل سێرچ، بەڵکو ماڵپەڕی Google Scholar ئەم بەشە لە گوگڵدا هەروەک دۆزەرەوەی گوگلە، بەڵام بەو جیاوازییە تەنیا وتار و بابەتی گرنگ لە هەر بوارێکدا دەدۆزێتەوە.

کاتێک ماڵپەڕەکە دەکەیەوە، دوو بەشی هەیە، بەشی تایبەت بە وتاری تاکەکەسی، ئەوەی تریان هی فەرمی، بەو مانایە وتارە تاکەکەسییەکان بۆچوونی کەسەکانن و وتارە فەرمییەکان لەلایەن بنکە و توێژینەوە زانستییەکان دانیان پێدانراوە. ئەم بەشەش وەک بەشی دۆزەرەوەی گوگل بەشی تایبەت بە زمانەکانی هەیە، دەتوانی بە زمانێکی تایبەت وتارە و توێژینەوەکان بدۆزیەوە..




## سیستەمی ڕێنیشاندەری ڕێگا بۆ پایسکل سواران

پایسکل سوارانیش دەتوانن سوود لە سیستەمی رێنیشاندانی رێگاوبان ببینن. کێشەیەك لە سیستەمی GPS بۆ پایسکل سواری هەیە، ئەویش GPSەکان تەنیا رێگاوبانەکانی هاتووچۆ نیشان دەدەن و رێگای لاڕێ و قەد بڕ و هەروەها رێگای ناو شاخ و دۆڵەکان نیشان نادات. بەرهەمهێنەرانی تەکنەلۆژیا نوێ سیستەمێکی GPSیان بۆ پایسکل سواری بەرهەم هێناوە کە لاڕێ و قەدبڕەکانیش نیشان دەدات، ئەم ئامێرەی نوێیەی GPS بە Garmin Edge 830 ناسراوە.

ئامێرەکە بەقەد مۆبایلێك دەبێت، شاشەیەکی هەیە کە هەرچی زانیاری تایبەت بە رێگاوبانە لە شاشەکەوە نیشان دەدرێ. شاشەکە لەمسییە. ئامێرەکە مەودای رێگاکان بە مەتر و کیلۆمەتر دیاری دەکا. ئاستی بەرزاییەکانیش دەپێوێ، هەروەها مەودای بازدان و ژمارەی بازدانەکانیش. جگە لە نەخشەی جوگرافی، هەلومەرجی کەشوهەواش نیشان دەکا. بەهۆی سیستەمی بلوتوسەوە بە مۆبایل پەیوەند دەدرێ. لەکاتی کێبەرکێی پایسکل سواریدا دەتوانی مەودای هاوڕێکانیشت ببینی، هەروەها دەکرێت پەیامیش بۆ یەکتر بنێرن. هەموو ئەو زانیاریانەی تایبەتن بە رێنیشاندان و بوارەکانی دیکە لە خۆیدا خەزن دەکا. داتاگەی ١٦ گیگابایتە. هەتا ٢٠ کاتژمێر باترییەکەی دانابەزێت.